# تووڕەیی شێتانەی ئەردۆغان

# دەبێ سوودی بۆ کورد هەبێت

**مایکڵ ڕوبین[1]**

**کوردستان تریبیون[2]**

**چوارشەممە ٧ ی سپتەمبری ٢٠١١**

**وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی**

بەیانی زووی ڕۆژی ٣١ ی مانگی مەی ٢٠١٠ هێزەکانی ئیسرائیل کەشتی 'ماڤی مەرمەڕە' یان وەستاند کە خاوەنەکەی ڕێکخراوەیەکی خێرخوازیی ڕادیکاڵ بوو و دەیویست بەندوبەستی ئیسرائیل لەسەر نەواری غەزە بشکێنێت. لەو دەست بەیەخەبوونەی وا بەشوێنیدا هات، هێزەکانی ئیسرائیل نۆ تورکیان کوشت کە یەکیان هاووڵاتیەکی دوولایەنەی ئەمریکا و تورکیا بوو.

تورکیا و ئیسرائیل هەردوو هاوکاریی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لەمەڕ ڕووداوەکە کرد. گەرچی لیژنەکە بە شێوەی فەرمی ڕاپۆرتەکەی خۆی بڵاو نەکردەوە، بەڵام *ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز* وتارێکی لەسەر بنەمای نوسخەیەکی ڕاپۆرتەکە بڵاوکردەوە کە دزەی کردبووە دەرێ. لە کاتێکدا سەرنجەکانی سیاسەتی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی ئاسایی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەبەرانبەر ئیسرائیلدا ڕادەگرێت بۆ هەمان ئەو هۆکارانەی وا سەبارەت بە کوردیش دەیهێننە گۆڕێ، لیژنەکە بە سەرۆکایەتی سەرەک وەزیرانی پێشووی نیوزیلەند 'جێفری پالمر' ئیسرائیلی بەگشتی بە بێ تاوان ناسی و پشتڕاستی یاسایی بوونی کارەکەی ئیسرائیلی کردەوە، ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ڕاپۆرتەکە بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە ئیسرائیل کەڵکی لە هێزی لەڕادەبەدەر وەرگرتووە.

یەکسەر دوای دەرچوون [ی ڕاپۆرتەکە]، سەرەک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردوغان تووشی شێتییەکی سیاسی بوو. دەوڵەتی تورکیا باڵوێزی ئیسرائیلی دەرکرد (کە هەرچۆنێک بێت، ماوەی مەئمووریەتەکەی لە ئانکارا لەم مانگەدا کۆتایی پێ دەهات) هاوڕێ لەگەڵ ئەو، هەموو ئەو دیپلۆماتانەشی دەرکرد کە پلەیان لە ژوور سکرتێری دووهەمدا بوو. تورکیا بەڵێنی سزای زیاتری دا، و تاقمێکی زۆر لە دیپلۆماتە تورکەکان داوای ئەوەیان کرد کە ئیسرائیل هەم داوای لێبووردن بکات و هەم قەرەبووش بداتەوە بە بنەماڵەی ئەو کەسانەی وا لە ڕووداوی 'ماڤی مەرمەڕە' دا کووژرابوون.

تەفسیر و بۆچوونەکان سەبارەت بە کێشەی عەرب و ئیسرائیل هەمەچەشنەن و کردەوەکانی ئیسرائیل کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کوردستان نییە. بەڵام هەرچۆنێک بێت، تورکیا خەریکە پێشینەیەک

---

[1] مایکڵ ڕووبین لێکۆڵەری نیشتەجێیە لە ئەنستیتوتی ئینترپڕایزی ئەمریکا.

[2] من ئەم وتارەم سەرەتا لە بەشی 'وتار و تەفسیر' ی ئەم سەرچاوەیەدا بینی کە برادەرێکی خۆشەویستم بۆی ناردبووم:
American Enterprise Institute for Public Policy Research Website, 07/09/2011
ئەوان وترەکەیان لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگرتبوو:

The Kurdistan Tribune Website, 07/09/2011

بۆخۆی دروست دەکات کە حکوومەتێکی لێزانی کورد دەبێ لێی تێبگات. دوای هەموو ئەوانەش، ئەگەر تورکیا وەستاندنی کەشتی خۆی لە لایەن ئیسرائیلەوە بە نایاسایی دادەنێت بەحیسابی ئەوەی لە ناو ئاوە نێونەتەوەییەکاندا بووە، ئەودەم تورکیا بۆ هێرشکردنی بەردەوامی بۆ سەر خاکی عیراق و کوردستانی عیراق بە تەواوەتی تاوانبارە.

مانگی ڕابردوو، هێرشێکی هەوایی تورکیا حەوت کوردی مەدەنی لە کوردستانی عیراق کوشت. بەدڵنیاییەوە، تورکەکان – بە گوێرەی پێناسە کردنی ئەردوغان خۆی، کەڵکیان لە هێزی ناپێویست دژ بە کوردە بێ چەکەکان وەرگرتووە- کە زوربەیان منداڵ و ساوا بوون. دوای هەموو ئەوانەش، ئەگەر تورکیا کرداری ئیسرائیل بە غەیرەقانوونی بزانێت لەبەر ئەوەی هێزە داکۆکیکارەکانی دەسەڵاتی ناپێویستیان بەکار هێناوە، کە بریتی بێت لە کەڵک وەرگرتن لە کۆپتەر و تفەنگ دژ بەو چالاکانەی وا چەقۆ و دارەدەستیان پێ بووە، ئەوا بە ڕاستی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کەڵک وەرگرتنی خۆیان لەو فڕۆکانەی وا خێراییان لە خێرایی دەنگ زیاترە، دژ بە گوندییە ئاساییەکان [ی کوردستان] چۆن واتا دەکاتەوە؟

پێشینەی هەڵوێستی تورکیا بەشێوەی تریش سوودی بۆ کوردستانی عیراق هەیە: ئەگەر کردارەکانی ئیسرائیل بەگوێرەی بیروبۆچوونی ئەردوغان غەیرە قانوونی بوو لەبەر ئەوەی لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا بەڕێوەبرا (گەرچی تەفسیرەکانی ئەردوغان لەگەڵ یاسا دەریاییەکاندا یەک ناگرنەوە)، ئەودەم ئەردوغان بێ هیچ گومانێک دەبێ کوشتنی حەوت کوردی مەدەنیش بە غەیرە قانوونی بزانێت لەبەر ئەوەی کارەکە لە خاکی عیراقدا ڕووی داوە. بە شێوەیەکی ساکار، بەگوێرەی یاسای تورکان خۆیان، دەبێ پایلۆتەکانی هێزی هەوایی تورکیا، ئەفسەرانی فەرماندەری ئەوان و ئەردۆغان خۆی لە دادگای تاوانەکانی شەڕدا دادگایی بکرێن.

بە هەمان شێوە، ئەگەر تورکیا پێی وایە ئیسرائیل دەبێ قەرەبووی بنەماڵەی ئەوکەسانە بداتەوە کە لەو عەمەلیاتەدا کووژراون، لای کەم حکوومەتی [هەرێمی] کوردستانی عیراق دەبێ داوا لە تورکیا بکات هەمان قەرەبوو بە [بنەماڵەی] ئەو کوردانە بداتەوە کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیا کوشتوونی. بێدەنگ مانەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو مەسەلەیە واتادارە. لێرەشدا سیاسەتمەدارانی ئیسرائیل دەکەونە زیندانەوە ئەگەر لە پەیمانی ئیش وکارەکانیان بکەونە دواوە. ئەو پێوانەیە لە کوردستانی عیراق ڕەچاو ناکرێت.

هەڵوێستی تورکەکان تا مەودایەکی بەرفراوانتر بڕ دەکات. تورکیا کرداری خۆی لە عیراق بە شتێکی قانوونی دەزانێت لەبەر ئەوەی پارتیا کرێکارێن کوردستان (پ. ک. ک.) بە گرووپێکی تیرۆریستی دادەنێت، کە وەزارەتی دەرەوە [ی ئەمریکا] ش لەو بۆچوونەدا لەگەڵیان هاوبەشە. بەڵام خۆی دەیەوێت پشتگیری و یارمەتی ئاراستەی حەماس بکات - گرووپێک کە لە کرداری گەلێک خوێناویتر لە پ. ک. ک. دا بەشدار بووە. ئینجا تورکیا هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی یا حقووقی نییە بۆ ئەوەی درێژە بە شەڕی صەلیبی دژ بە پ. ک. بدات. ئەوەش کە حەماس هەڵبژاردنێک بەرێتەوە خاڵێکە لە پەراوێزی مەسەلەکەدایە، لەکاتێکدا ب. د. پ. هەر لە ناوخۆی تورکیادا گەلێک هەڵبژاردنی بردۆتەوە.

دیپلۆماسی وەرزشێکی ئەستەمە. بۆ ئەوە نییە بایەخی خۆتی پێ گڤە بکەیت، بەڵام لە عەینی کاتدا شیاوی کەڵک لێ وەرگرتنە. کوردستانی عیراق هەمیشە لە تورکیا بێ هێزتر دەبێت و هەتا تورکیا لە پەیمانی ناتۆدا بمێنێت، کوردستان هەمیشە بۆ کاربەدەستانی ئەمریکا لە تورکیا کەم بایەختر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەست پێشخەریی سیاسی هەبێت، گەلەکەی خۆی بپارێزێت و گوشار بخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی کردەوەکانی نەرم بکاتەوە، دیارە ئەوەش تەنیا کاتێک گونجاو دەبێت کە ڕێبەرانی کورد بە لێزانییەوە یارییەکە بکەن.[3]

[3] ئەوە ئەدرەسی ماڵپەڕی ئەنستیتوتی ئینترپرایزی ئەمریکا بۆ ئەو کەسانەی وا بیانەوێت وتارەکە بە زمانی ئینگلیزی بخوێننەوە:

http://www.aei.org/article/104106

ئەوەش ئەدرەسی ماڵپەڕی 'کوردستان تریبیون' کە وتارەکە سەرەتا لەوێدا بلاو بۆتەوە:

http://kurdistantribune.com/2011/erdogans-tempertantrum-should-benefit-kurds/